

**بۆ چلەی فریشتەیەك، كەلە ئاسمانی مندا بۆ ئەبەد ون نابێ**

ئەفسانە سروش

ئەوە چل رۆژ و چەندە من و خەمی

ئەو سەفەرە ناوەختەت

لەگەڵ شەوانی پڕ بووغزی نەهاتنەوەتدا

خۆیان بەدیواری رازی ڕەشی چاوەكانمدا

هەڵ واسیوە.

چل رۆژ و چەندە ؟

مانگ و خۆر و پەنجەرە و دیوار

دەریا و ئەسێرەكان

لەو سەفەرەت دڵشكاون

ئەوە چل رۆژ و چەندە ( -با- ) لەكۆڵانەكانی

ئەودیوی خەندەكانت

هەموو ڕۆژێك دانە دانە خەمی دزینی پەنجەكانت

دەكاتە خەناوكە و دەیانكاتە

ملی خەیاڵی سەمای خەندەی سەر لێوەكانت

ئەوە چل رۆژ و چەندە؟

ئەگەر چی وادیارە نایەیتەوە و جاوەڕێتم

تا هەزار چل رۆژی تر

چاوەروانتبم؟

باوڕناکەم  چاوەکانت بکەون بەسەر

ئەم هەموو ئارەزوانەی

قەتیسومان تیاندا  .

ناکرێت

ناکرێت نا کە تۆ نەبیت و

ئاسمان ساف بێت و دڵی ئەویشت

بەڵێ، دڵێ دەیەشێ

ئارامبە!

ئەی تۆ بۆ چۆن پۆشیت  فستانی مردن و

ئەوە کامە ئاسمانە یە

بۆتە تارای شۆری

سەر پرچە خاوەکانت ؟

کامە بادە و کام شەرابی زۆر تاڵ بوو ئاوا

مەست و سەرابی ئامێزی

مەرگی کردی ؟

لەکامە درزی ئەو خاکەدا

خونچەی حەزی

ئەو سەفەرەت شکوفەی کرد کەوا

ئێمە و ئەویشت سپاردە دەستی تەلیسمی

نە شکاوی هاتنەوەت سارا.

21/8/2014

ڕانیە

ئەفسانە سروش